# سەنگەرەکان بەرنە حەمرین



د. ئەحمەد میراودەلی
mirawdaly@hotmail.com

ئەگەر بەویستی ئەمەریکاو خوازیارانی عێراقی ( هیواو ئاشتی) بووایە ، ئێستا پێشنووسی یاسای هەمیشەیی ئەو خەون ولاتە ، لە ژێردەستی هاو ولاتیانیدا دەبوو بۆ پەسەندکردنی . لێ وەک ئاشکرایە لەئاستی خالە سەرەکییەکاندا پرۆسەی دارشتنی یاساکە ، چەقی بەست . ئەمەش شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبوو ، ئاخر هەر ئەو کەسایەتی و گرووپ و لایەنە سیاسییە عەرەبانەی کە هەتا دوێنێ کورد قوونیانی لەشاپشاپێنی سەددام دەپاراست ، بە گەیشتنەوەیان بۆ بەغدا ، هەریەکەیان لە ڕێوییەکی گەروگولەوە لیمان بوو بە نەرەشێری ناو بێشە . هەر ڕۆژەو یەکێک یان لایەنێکیان لەبەلێنەکانی سەردەمی شاخ و نیو ئامێزی کوردان پەشیمان دەبێتەوەو دژی خواستە ڕەواکانمان وەک سەگ دەرشێتەوە . دواترینیشیان فەتوای" ئاغای سیستانی" یە .

لای مرۆی هۆشمەند ، دەمامک ناتوانێ روخساری کەسانی وەک سیستانی داپۆشێ ، خۆ ئەگەر دەنگۆی فەتواکەی دەربارەی کێشەی کەرکوک و فێدێرالی کوردستانیش ڕاست نەبێ ، دیسانەوە هەلوێستی جەنابیان لە ئاخوندەکانی ئێران باشترنابێ و ئەگەر ئەوڕۆش ئەو فەتوایەی نەدابێ ، **ئەوا سبەینێ هەردەیدا .**

لە هەلوێستەکانی" جەعفەری" غولامە گوێ گۆشکراوەکەی سیستانی یەوە ، دەبوو سەرکردایەتی کوردو بەتایبەتیش سەرۆک کۆماری عێراق ، بەڕێز "جەلال تالەبانی" ئەوەندەی لێ تێبگەن کە " ئەلسیستانی" نیعمەتی خودا نییە بۆ گەلی عێراق ، ڕەنگە بۆ شیعەکان ڕەحمەت بێت ، وەلی دلنیام بۆ کورد ، هەزاران توولەمار لەژێر جبەکەیدایە .

ئەمەریکا ؛ باش دەزانێ کە سیستێمی دیمۆکراسی بەگوولەو تانک و تۆپ دابین ناکرێ ، ئێستاش بەلایەوە گرنگ نییە لەسەر چ جۆرە دەستوورێک عێراق دەچێتەرێوە و کێ مافی کێ لووشدەدا ، بەلای ئەمەریکاوە گرنگ ئەوەیە سیندڕۆمی عێراق درووست نەبێ و شەرمەزاری نەکا وەک سیندڕۆمی ڤێتنام کردی .

ڕەنگە زۆرکەس ئومێدەواربن هەموو لایەنەکان بگەنە یەکدی ، وەلی ئەز ئومێدەوارم هەرگیز نەگەنە یەکدی . ئاخر گەیشتنە یەکدی بەلای کەمەوە بۆ کورد مانای گەرانەوەیە بۆ باوەشی رژێمێکی نوێی عارەبی سەرکوتکەر ، ئەم جارەیان لەسەر شێوازی ڕژێمی ئاخوندەکانی ئێران .  دەستوورێک بەپالاوگەی عروبی و ئیسلامدا تێپەرێ ، کەلکی بۆ مرۆڤ تێدا نامێنێ و نەبوونی باشترە .

بۆیەشە داوا لە سەرکردایەتی کوردی و بەتایبەتیش سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، بەڕێز مەسعود بارزانی دەکەم ، سازش لەسەر قارسکردنی سنووری کوردستان نەکەن و ئەگەر مافی چارەنووسمان لە دەستووردا نەچەسپا ، بەغدا جێهێلن و سەنگەرەکان لە ئێستاوە بەرنە حەمرین . چونکە لە ئەنجامدا هەروایلێدێ .

کەنەدا 21-08-2005